# داوا دەکرێت حکومەت ئاسانکاریی زیاتر بۆ بەخێوکەرانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بکات



**بەپێی راپۆرتی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) و بانکی نێودەوڵەتی زیاتر لە ملیارێك كەس لە جیهاندا بە شێوەیەك لە شێوەكان خاوەن پێداویستی تایبەتن، بەوەش ١٥٪ی دانیشتووانی جیهان پێكدێنن. ئەم توێژە بەشدارییان لە كۆمەڵگەدا كەمە و بۆ راییكردنی كاری رۆژانەشیان زیاتر پشت بە كەسانی دیكە دەبەستن. تەنانەت لە وڵاتە سەرمایەدارەكانیش رێژەی ٢٠ تا ٤٠٪ی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ بەشداریكردن لە چالاكیی رۆژانەدا پێویستییان بە یارمەتی هەیە. بە هۆی بەرزبوونەوەی تەمەنی مرۆڤ، زیادكردنی نەخۆشییە درێژخایەنەكان، رووداوەكانی هاتووچۆ، كارەساتە سرووشتییەكان و...هتد، رێژەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەكانیش لە بەرزبوونەوەدایەو زیاتریش ئافرەتان و منداڵان و بەساڵاچووان گیرۆدەی ئەو ناساغییە دەبن، ئەركی كەسوكاریشیان گەلێك قورسە و پێویستە حكومەت و لایەنی پەیوەندیدار ئاوڕی جددییان لێ بداتەوە. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان زیاتر ئەو پرسە تاوتوێ دەكەن.**

**گوڵان: كۆمەڵایەتی**

«ساڵانە یادی رۆژی جیهانیی بۆنە و یادەكان دێت و دەڕوات و هەندێ هەرا هۆریای بۆ دەكرێت و كارو راسپاردەكانیش لە ئەنجامدانی چەند چالاكییەك قەتیس دەبێت. دواتر سەری لێ دەنێنەوە، وەك بڵێی ئەركەكان تەواو بووەو مافەكان هەمووی مسۆگەر بووە، بەڵام ساڵ بە ساڵ كەمتەرخەمی بەرامبەر بە مافەكان زیاتر دەبن.»

ئەوە قسەی شوكوریە ئەحمەد بوو. ئەو هاووڵاتییە ئافرەتی ماڵەوەیە و دایكی سێ منداڵی وردیلەیە وەك خۆی باسیكرد، هاوسەرەكەی نەخۆشی دەروونی هەیە، بەوەش نەوەستاوە و هەوڵی خۆسووتاندنی داوە، لە ئێستادا وێڕای نەخۆشی دەروونی بەهۆی سووتانەوە كەمئەندام بووە، هاوكات دەڵێت: «بەخێوكەرانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، ئەركی پەروەردە و بەخێوكردنیان زۆر قورسترە، بۆیە حەق وایە حكومەت ئاوڕی جددییان لێ بداتەوە و بەشێك لە ئەركەكانیان لە رووی ماددی و مەعنەوی لە ئەستۆ بگرێت».

بەپێی توێژینەوەكان زۆربەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەكان چاودێری تەندروستییان دەست ناكەوێت و ناتوانن خەرجی چاودێری تەندروستی دابین بكەن. جگە لەوەی خۆیان كێشەی تایبەت بە خۆیان هەیە، رۆژانەش تووشی سووكایەتی پێ كردن دەبن و بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت. منداڵانی ئەو توێژە شانسی چوونە قوتابخانەیان لە منداڵانی ئاسایی زۆر كەمترە. لە هەموو ژینگە جۆراوجۆرەكان و لەسەرجەم تەمەنەكانیشدا ئەو توێژە كەموكورتیی و كەلێنی فێركاریی گەورەیان هەیە، بەڵام لە دەوڵەتە هەژارەكان كەموكورتییەكانیان زۆر زیاترن. لەو دەوڵەتانەش كە منداڵە ئاساییەكان هەموویان دەچنە قوتابخانە، هەموو منداڵە خاوەن پێداویستییە تایبەتەكان ئەوەیان بۆ مەیسەر نابێت. بۆ نموونە لە پۆلیڤیا نزیكەی ٩٨٪ی منداڵانی ئاسایی دەچنە قوتابخانە، بەڵام كەمتر لە ٤٠٪ی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەچنە بەرخوێندن. لە ئەندونوسیا ٨٠٪ی منداڵانی ئاسایی دەچنە بەرخوێندن، كەچی ٢٥٪ی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەچنە قوتابخانە. بەگشتی مانەوەی خاوەن پێویستی تایبەت لە ماڵەوە و دووربوونی لە سەنتەر و ناوەندەكانی راهێنان ئەركی بەخێوكەریان زۆر قورس دەكات، بەپێی توێژینەوەكان زۆربەی ئەو دایكانەی منداڵی خاوەن پێداویستیی تایبەتیان هەیە بۆ هێوربوونەوەیان چارەسەری دەروونی وەردەگرن.

گوڵاڵە پشدەری پەرستار وچالاكی بواری تەندروستی، سەرەتا باسی ئەوە دەكات كە «كەمئەندامی، یان نەخۆشیی درێژخایەن، یان خاوەن پێداویستیی تایبەت، هەمیشە لە بارودۆخێكی ناخۆش و یەكجار نالەباردا دەژین.بەڵام هەر یەك لەوانە لە هەر كوێیەك بژین، ناچارن تا رادەیەك بارودۆخەكە بۆ خۆیان لەبار بكەن و شێوەی ژیانیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو ژینگەیەی كە تێیدا دەژین، بۆ ئەوەی بتوانن وێڕای ساغەكان هەنگاو بۆ ژیان و بەردەوامی بنێن.» هاوكات دەڵێت:

**وەک دایکێک ١٨ ساڵە کوڕەکەم کە خاوەن پێداویستیی تایبەتە بەخێو دەکەم، تا ئێستا هەنگاوی جددیم لە حکومەت نەبینیوە**

**خۆزگە ئەوەندەی خەڵاتیان دابەشکرد بەسەر ئەکتەر و راگەیاندنی بێ بەرهەمدا پلانیان بۆ ئەو هاووڵاتیانە دادەڕشت کە زمانی داواکردنی مافەکانی خۆیانیان نییە**

**بەخێوکەرانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، ئەرکی پەروەردە و بەخێوکردنیان زۆر قورسترە، بۆیە حەق وایە حکومەت ئاوڕی جددییان لێ بداتەوە و بەشێک لە ئەرکەکانیان لە رووی ماددی و پەروەردەوە لە ئەستۆ بگرێت**

**حکومەتی کوردستان تا ئێستاش نەیتوانیوە بواری باشتر بۆ کەمئەندامان بڕەخسێنێت، هەتا لانیکەم ئاسانکارییەک بۆ بەخێوکەرانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بکات**

«خاوەن پێداویستیی تایبەت دەتوانێ بە ڕێگەی فیزیکی هەندێك گۆڕانکاری لە خۆیدا بکات، بۆ نموونە ئەوانەی کە پێیان بڕاوەتەوە، پێی دەستکرد بەکار بهێنن، بەڵام گرینگ قبووڵکردنی واقیعەکەیە و دەبێت کەسی خاوەن پێداویستیی تایبەت بزانێت کەسایەتیی ئەو بەستراو نییە بە کەمئەندامی و ئەو کەموکوڕییە جەستەییە، بەڵکو تواناکانی مێشك کاراکتەری گرینگن، تاکو بەختەوەریی خۆی تێدا بدۆزێتەوە.» گوتیشی: «ئەگەر بمانەوێ باس لە کێشەکانی کەمئەندامانی دانیشتووی ئەورووپا و ناو جەرگەی دیموکراسی و وڵاتانێك بکەین کە بە یاسا مافەکانیان ڕێکخراوە و حکومەتی سۆشیال دیموکراتین، ئەوە باسێکی جیاوازە لەگەڵ مافەکانی کەمئەندامانی وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی وەکو کوردستان و جیاوازییەکی بەرجەستەی هەیە. ئەوەی کە من زانیومە لە ٢٠٠٦/١٢/١٣ ولایەتە یەکگرتووەکان لە نیویۆرك پەیماننامەیەکیان پێکهێنا کە مافەکانی کەمئەندامی تێیدا نووسراونەتەوە و حکومەت ئەرکی سەرشانیەتی کار بکات بۆ چاککردنی بارودۆخی کەسانی کەمئەندام بکات لەسەر سەکتەرەکانی وەکو کاروپیشە، پەروەردە، هاتوچۆ، کەلتوور، وەرزش و ساغڵەمی و ...هتد، کۆمەڵێك وڵات واژوویان لەسەر کردووە کە جێبەجێی بکەن لە ناو یاسای وڵاتیاندا. هۆڵەنداش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ئەوەی قبووڵ کردووە و لە ٢٠١٦/٧/١٤دا هەندێك خاڵی تایبەت بە کەسانی کەمئەندام بە یاسایەك لە دەستووردا بە ناوی (WGBH/CZ)هاتووە، هەروەها یاساش ئاماژە بەوەش دەکات کە کەسانی کەمئەندام، یان ئەوانەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە، دەبێ وەکو هەموو کەسانی ساغ بشدار بن لە ناو کۆمەڵگە و بەرامبەر بە یاسا یەکسانن. لە هۆڵەندا ئەو بابەتە بە جۆرێك ڕێکخراوە کە کەسی کەمئەندام بە هیچ شێوەیەك بە هۆی کەمئەندامی لە کەسانی ئاسایی لە دواوەتر نییە لە هیچ بارێکدا، نە لە خوێندن، نە لە ژیان و ئیمکانات و پێداویستی و... هتد، کەواتە ئەو دەتوانێ پێش بکەوێ و جاریوایە لە ساغەکانیش زیاتر بەرەو ئارەزووەکانی ژیانی بەرزتر دەفڕێ و بە ئاواتی دەگات. نموونەش زۆرن لەو وەرزشوانانەی کە میدالیای شانازییان وەرگرتووە، یان هەمووشت زان و بلیمەتی جیهانی کە زۆربەی دونیای زانست دەیناسێ ستیڤن هاوکینگ کە ٢٠١٨/٣/١٤ دونیای بەجێ هێشت، کە لەسەر کورسیی چەرخدار و بە کەمئەندامی دەست و پێ، لە ملیاران مرۆڤ باشتر و زیاتر گەردوونی ناسی و تا ناسینی کاکەشانەکان ڕۆیشت. ئەوەی من زانیومە لە کوردستانیشدا یاسایەك لە لایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دانراوە لە ساڵی ٢٠١٢دا پێموایە ژمارە ٢٢یە و ئاماژە بە ماف و ئیمتیازاتی مرۆڤی کەمئەندام دەکات. بەڵام بەڕاستی حکومەتی کوردستان تا ئێستاش نەیتوانیوە بواری باشتر بۆ کەمئەندامان بڕەخسێنێت، هەتا لانیکەم ئاسانکارییەك بۆ بەخێوکەرانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بکات. بۆ سەلماندنی ئەو رایە دەپرسین: ئایا پەروەردە و خوێندنی خاوەن پێداویستیی تایبەت تا چەند گرینگی پێدراوە؟ ئایا ڕێگەوبانی گونجاو و ڕێخۆشکەر بۆ خاوەن پێداویستیی تایبەت هەیە؟ ئایا شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت و ڕێکخراو و شایەستە بەوان دابین کراوە؟ ئایا هاتووچۆ و پاسی تایبەت و ئاسانکارییان بۆ چوونە ناو پاس و گواستنەوەیان کردووە؟ نەخێر، ئەوانە نەکراون، تەنیا مووچەیەکی زۆر کەمیان بۆ خاوەن پێداویستیی تایبەت داناوە، کە تەنانەت بەشی کڕینی دەرمانەکانی ناکات، ئیتر چۆن ژیانی خۆیان دەتوانن بگونجێنن لەو کۆمەڵگە سەختەدا کە بۆ ساغەکان هێندە دژوارە، ئینجا چ بگاتە کەمئەندامان. لێرەدا پێویستە باسی ئەوەش بکەم کە شێوەی پەروەردەو دابونەریتیش کاریگەری زۆر نەرێنی لەسەر بارودۆخی خاوەن پێداویستیی تایبەت داناوە، بەداخەوە زۆجار کەسایەتییان دەشکێندرێ و سووکایەتییان پێ دەکرێت. ئەوان وەکو خۆیان قبووڵ ناکرێن و بە چاوی گاڵتەجاڕی یانیش بە بەزەیی سەیر دەکرێن، ئەوەش لە پێشکەوتنی مرۆڤی کەمئەندام بەربەستی گەورە دروست دەکات. خۆزگە دەخوازم ڕۆژێك دابێت لە کوردستانیش بە روانگەیەکی مرۆڤدۆستانە بارودۆخی کەمئەندامان بێتە بەردید و مافەکانیان بە یاسایی بکرێت و پیادەی بکەن هەر بە دروشم نەبێت. دەبێت حکومەت لایەنی پەیوەندیدار بزانن، بەخێوکەرانی خاوەن پێداویستیی تایبەت کێشەی جۆراوجۆریان هەیە و دەبێت بۆ چارەسەری کێشەکانیان هاریکاری بکرێن».

فەرەیدون بێوار، سەرۆکی ڕێکخراوی هوما بۆ منداڵانی ئۆتیزم، هاوکات باوکی دوو منداڵی خاوەنپێداویستی تایبەتە سەبارەت بە هەمان پرس هێما بۆ ئەوە دەکات کە «منداڵان و کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی نالەبار و دژواری کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووریدا ژیان دەکەن، کە ژیانێکی کۆلەمەرگییە و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان سەرەتاییترین مافی ژیان و مرۆییان بۆ دابین نەکراوە و لە سیاسەت و فەرهەنگی حوکمڕانیی هەرێمدا وەك هاووڵاتی پلە دوو سەیریان دەکرێت، هەر بۆیە فەرامۆش کراون و ڕۆژانە سووکایەتییان پێدەکرێت. هەر چەندە بە گوێرەی یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠١١ی تایبەت بە کەمئەندامان، بەشێك لە مافەکانی کەمئەندامانی دەستەبەر کردووەو حکومەت و وەزارەتە پێوەندیداری پابەند کردووە بەجێبەجێکردنی یاساکە و دابینکردنی ژیانێکی شایستە لە رووی دارایی و پەروەردەو خوێندن و تەندروستی و خزمەتگوزارییەوە بۆ کەمئەندامان، بەڵام یاساکە هیچی لێ جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو بگرە لەدوای یاساکەوە رەوشی کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و خانەوادەکانیان خراپتر بووە.» هاوکات دەڵێت: «پێموانییە پێویست بکات داوا لەحکومەت بکرێ ئاوڕێك لە کەمئەندامان بدرێتەوە، چونکە حکومەت بڕوای بە مافەکانیان نییەو هیچیان بۆ ناکات و وەك وتم وەك هاووڵاتی پلەدوو سەیریان دەکات. نەبوونی خزمەتگوزاری

تەنیا مووچەیەکی زۆر کەمیان بۆ خاوەن پێداویستیی تایبەت داناوە، کە تەنانەت بەشی کڕینی دەرمانەکانی ناکات

دەبێت حکومەت لایەنی پەیوەندیدار بزانن، بەخێوکەرانی خاوەن پێداویستیی تایبەت کێشەی جۆراوجۆریان هەیە و دەبێت بۆ چارەسەری کێشەکانیان هاریکاری بکرێن

خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان سەرەتاییترین مافی ژیان و مرۆییان بۆ دابین نەکراوە و لە سیاسەت و فەرهەنگی حکومڕانیی هەرێمدا وەک هاووڵاتی پلەدوو سەیریان دەکرێت، هەر بۆیە فرامۆش کراون

خێزانی ئاسایی ڕووبەڕووی کێشە بوونەتەوە کە منداڵەکانیان بخەنە کام قوتابخانە و چۆن کرێی قوتابخانە و هاتوچۆ و جلوبەرگیان دابین بکەن، چ جای خێزانێک کە خاوەنداریێتی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتی دەکات

و کەمتەرخەمیی حکومەت، ئەرکی سەرشانی خانەوادەی کەمئەندامانی قورستر و سەختتر کردووە، تەنانەت بووەتە هۆی هەڵوەشانەوەی شیرازەی سەدان خێزان.لەم نێوەندەدا دایك و خودی کەمئەندامەکە قوربانیی سەرەکین.»

کەتان خادمی راگەیاندنکارە و هاوکات دایکی منداڵێکی خاوەن پێداویستیی تایبەتە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «تێکچوونی باری تەندروستیی هەر تاکێکی نێو خێزانێك، کاریگەریی راستەوخۆ لە سەر تەواوی ئەندامانی خێزانەکە جێدەهێڵێت، بە تایبەت ئەگەر تێکچوونەکە درێژخایەن بێت، یان وێڕای جەستە، دەروون و هەڵسوکەوتیش بگرێتەوە. بەتایبەت نەخۆشییە دەروونی و دەمارییەکان ....کە ئازاری خۆی و دەوروبەری دەدات، لەوانەیە لە ساتێکی زۆر کورتدا گەورەترین کارەسات لەدەستیان بقەومێت. بۆیە پێویستە خێزان بەردەوام چاودێری بکات. ئەمەش فشارێکی بەردەوامە لەسەر خێزان. دوورەپەرێز دەبن لەخەڵك و دەوروبەر، یان لەکارو پرۆژەکانی ژیانیان دوا دەکەون، یان بەهۆی سەردانی پزیشك و داودەرمان خێزان تووشی قەیرانی ئابووری دەکات، ئەم کێشانەش لە خێزانێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازن، بۆ نمونە باوك یان دایکی لە ژیاندا نەمابن بەهەر هۆکارێك، یان دوچاری نەخۆشییەکی درێژخایەن بووبن، خێزان ئەگەر نەدار بێ، کرێچی بێ، یان نەخوێندەوار یان دایك و باوك ناکۆك بن. ئەمانە هەموو کاریگەریی نەرێنی دروست دەکەن. بۆ کەمکردنەوەی ئەو فشارانە لەسەر خێزان ئەرکی حکومەتە کە بە هەموو شێوەیەك هاوکاری خێزانەکان بکات، بەپێی جۆری کەمئەندامییەکەیان هاوکاریی پێویستیان بۆ دابین بکات، لە نزیکەوە چاودێریی خێزانەکان بکات، مەبەستم بە جددی کارکردنە. نەك بەناو و لەدەزگا راگەیاندنەکانەوە ببینن. من وەك دایکێك ١٨ ساڵە کوڕەکەم کە خاوەن پێداویستیی تایبەتە بەخێو دەکەم، تا ئێستا هەنگاوی جددیم لە حکومەت نەبینیوە، بەداخەوە ئەوەندە لەخەمی مەعیشەت و خەمی خۆیانن لە خەمی کەمئەندامان نین. ناوی چەندان خێزانتان بۆ دەهێنم کە لە خراپترین بارودۆخدا دەژین. خۆزگە ئەوەندەی خەڵاتیان دابەشکرد بەسەر ئەکتەری عەرەب و راگەیاندنی بێ بەرهەمدا پلانیان بۆ ئەم هاووڵاتیانەی خۆیان دادەڕشت کە زمانی داواکردنی مافەکانی خۆیانیان نییە. مەگەر تەنیا دایکەکان فرمێسکی گەرم بە دیاریانەوە بڕێژن. بەداخەوە لە وڵاتێکدا دەژین پڕ لە ناعەدالەتی و کەمئەندامان گەورەترین پشکیان بەرکەوتووە. مەعقوولە کەمئەندام پارەی دەرمانی نەبێت، بەڵام هەر بەرپرسێك سەدان موڵك و خانووی هەبێت؟».

تانیا جەمال توێژەری کۆمەڵایەتی و بەرپرسی پەیمانگای ناوین بۆ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، رایوایە: «کۆژان و ئەرکی ئەو خێزانانەی کە منداڵی کەمئەندام، یان خاوەن پێداویستیی تایبەتیان هەیە، زۆر زیاترە لە هەر خێزانێکی ئاسایی، لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردە و خوێندن و ...هتد. بۆ نموونە خێزانی ئاسایی رووبەڕووی کێشە بوونەتەوە کە منداڵەکانیان بخەنە کام قوتابخانە و چۆن کرێی قوتابخانە و هاتوچۆ و جلوبەرگیان دابین بکەن، چ جای خێزانێك کە خاوەندارێتی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتی دەکات. جگە لەوەی کە لە قوتابخانەکان و کۆمەڵگەدا تووشی گێچەڵ و توندوتیژی دەبنەوە..جا بڕۆ بۆ تەواوی سێکتەرەکانی دیکە و ژیان و گوزەرانی خێزانیان و بیر لە حاڵەتی دەروونیی ئەو خێزانانە بکەنەوە لە کۆمەڵگەیەکی تەواو دواکەوتوو و نەبوونی هیچ ئیمتیاز و پێداویستی تایبەت بەو توێژانە، دەبێت چۆن بەردەوام بن و چۆن پێداویستی تەندروستی و تەعلیمی و ژیانیان پێ دابین بکرێت؟ ئەوە جگە لە غیابی رێزگرتن و گرنگی پێدان، یان وەك مرۆڤ هەردەم بە چاوی کەمتر سەیر دەکرێن، خۆ کە زۆر گرینگیش هەبێت، تەنیا لە رووی دینی و عاتفییەوەیە کە ئەویش دەچێتە خانەی خێر و خێراتەوە. لەبەر ئەوە ئەرکی ئەو خێزانە چەندین جار سەختتر و دژوارترە لە خێزانێکی ئاسایی». گوتیشی: «ئاوڕدانەوە لە خاوەن پێداویستیی تایبەت و بەخێوکەرانیان نیوە چڵ و بێ بەرنامەو دوور لە شێوازی ئەکادیمی بووە و حیسابێکی وایان بۆ نەکردوون. بۆ نموونە ناوچەکەیان تا کەمئەندامێك وەردەگرێت چەندین ساغ و سەلیم وەردەگرێت. مۆڵەتی بەخێوکەر تا کەمئەندامێك وەری دەگرێت، چەند ساغە سەلیم وەری دەگرن. ئەوە جگە لەوەی چەندین ساڵە پەروەردەی تایبەت لە وەزارەتی پەروەردە هەیە، بەڵام مامۆستایەکیان نییە زمانی ئاماژە یا برایانی بزانێت. ئەوانە و چەندین کێشەی دیکەیان هەیە کە تا ئێستا حکومەت نە بیری لێ کردۆتەوە، نە بەرنامەشی بۆی هەیە».

لەلای خۆیەوە رەحمان عەلی ماستەر لە کۆمەڵناسی باسی ئەوە دەکات کە «لە هەر خێزانێکدا پرۆسەی پەروەردەکردن پرۆسەیەکی گرنگ و ئەرکێکی قورسە لەسەر خێزان، بەتایبەت ئەگەر ئەو خێزانە کەسێکی کەمئەندام، یان پەککەوتەی هەبێت، ئەوکاتە ئەرکەکە دوو ئەوەندە قورس دەبێت، چونکە خزمەتکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە رووی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە ئەرکێکی قورسە، ئەندامانی ئەو خێزانانە وێڕای قورسیی ئەرکەکەیان باری دەروونییان نالەبارە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان رۆژ لە دوای رۆژ کاڵتر دەبێتەوە، لەم نێوەندەدا لە بەڕێکردنی سەختییەکان دایك پشکی شێری بەردەکەوێت، بەپێی ئەو توێژینەوانەی ئەنجاممان داون، دەرکەوتووە زۆربەی ئەو دایکانەی منداڵی خاوەن پێداویستیی تایبەتیان هەیە، بۆ ئارامبوونەوەیان چارەسەری دەروونی وەردەگرن، بەداخەوە تا ئێستا حکومەت نەیتوانیوە بۆ باشترکردنی رەوشی توێژی کەمئەندام و بەساڵاچووان سیستەمێکی تۆکمەی هەبێت و خزمەتگوزاری تەندروستی پێویست دابین بکات و لە هەڵگرتنی ئەو قورساییە هاوکاری خێزانەکان بکات».

**نەبوونی خزمەتگوزاری و کەمتەرخەمیی حکومەت، ئەرکی سەرشانی خانەوادەی کەمئەندامانی قورستر و سەختتر کردووە، تەنانەت بووەتە هۆی هەڵوەشانەوەی شیرازەی سەدان خێزان.لەم نێوەندەدا دایك و خودی کەمئەندامەکە قوربانیی سەرەکین**

**ئاوڕدانەوە لە خاوەن پێداویستیی تایبەت و بەخێوکەرانیان نیوە چڵ و بێ بەرنامەو دوور لە شێوازی ئەکادیمی بووە و حیسابێکی وایان بۆ نەکردوون**

**تێکچوونی باری تەندروستیی هەر تاکێکی نێو خێزانێک، کاریگەریی راستەوخۆ لە سەر تەواوی ئەندامانی خێزانەکە جێدەهێڵێت، بە تایبەت ئەگەر تێکچوونەکە درێژخایەن بێت، یان وێڕای جەستە، دەروون و هەڵسوکەوتیش بگرێتەوە**

**بەپێی ئەو توێژینەوانەی ئەنجاممان داون، دەرکەوتووە زۆربەی ئەو دایکانەی منداڵی خاوەن پێداویستیی تایبەتیان هەیە، بۆ ئارامبوونەوەیان چارەسەری دەروونی وەردەگرن**

# ئافرەتێک بە رفاندنی منداڵەکانی لە سۆزی دایکایەتی بێبەش دەکرێت

رفاندنی منداڵ لە ژێر ناوی بازرگانیکردن بە مرۆڤ بە مەبەستی دەستدرێژی سێکسی، یان بە ئامانجی راهێنان و تێکەڵکردنی بە گرووپی تیرۆریستی، لە گەورەترین تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتین کە لە هەموو وڵاتانی جیهاندا تاوانبارانی ئەو دیاردەیە سزای زۆر قورسیان بۆ دیاری کراوە، حاڵەتێکی دیکەی رفاندنی منداڵیش هەیە، ئەویش هاوسەران لەکاتی جیابوونەوە، یان پێش جیابوونەوەیان بە هۆکاری پێکەوە نەگونجانیان، یان خۆشاردنەوە لە یاسا پەنای بۆ دەبەن، کە لەوەشدا پیاوان پشکی شێریان بەر دەکەوێت و ئافرەتان بە دەگمەن دەتوانن کاری وا بکەن. ئافرەتێك کە هاوسەرەکەی هەر دوو منداڵەکەی رفاندووە و خۆیان شوێن بزر کردووە، باسی ئاریشەکانی خۆی بۆ گوڵان دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

«لەو کاتەوە مێردەکەم هەر دوو منداڵەکەی رفاندووە، شەو و رۆژم لێ حەرام بووە. لە خەمی منداڵەکانم خەریکە شێت بووم. خزم و کەس نەماوە هانایان بۆ نەبەم. کەس سوراغیان نازانێ.» ئەوە قسەی شلێری تەمەن ٣١ ساڵ بوو. وەك خۆی باسی کرد، لەگەڵ هاوسەرەکەی بەردەوام شەڕیان بووە، بۆیە کاریان کەوتووەتە دادگە، بەڵام پێش ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی و بە بڕیاری دادوەر لە یەکدی جیا ببنەوە، منداڵەکانی رفاندووە و «بۆ شوێنێکی دوور و نادیار» چووە.

شلێر بە خەمبارییەکی زۆرەوە بەسەرهاتی خۆی بەمجۆر دەگێڕێتەوە: «راستە بە خۆشەویستی شووم بە کەمال نەکرد و بە واستەی ناسیاوێکی خێزانی هەر دوو لامان بوو، بەڵام لە سەرەتای ژیانمان زۆر ئاسوودە بووین. کاتێ شووم پێ کرد، ١٩ ساڵم تەواو کردبوو، ئەویش تەمەنی ٢٥ ساڵ بوو. لە بەر خاتری ئەو وازم لە خوێندنی زانکۆ هێنا، دوای لەدایکبوونی ئارامی کوڕم کە ئێستا تەمەنی تەنیا دەساڵە، ئەو پیاوە بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا هات. زۆرم گرینگی پێ دەدا، بەرامبەر هەڵچوون و تەنانەت لێدانەکانیشی هەر سەبرم کرد، چەند جار خیانەتی کرد، هەر لێم قبووڵ کرد. کە ئاراس لەدایك بوو، وتم لەوانەیە بووەتە باوکی دوو کوڕ، واز لەو خووە توندەی دەهێنێت، بەڵام دە قات خراپتر بوو، بەردەوام توند و عەسەبی بوو. کەم رۆژ بووە لێی نەدابێتم. تا وای لێهات براکانم زانییان و بەرۆکیان گرت و بە کەمالیان گوت: بۆ وا مامەڵە لەگەڵ خۆشکمان دەکەیت، خۆ لە بری خوێن وەرت نەگرتووە؟ هەندێك نەسیحەتیان کرد، گوتیان باوکی دوو منداڵی وەك گوڵی، ئاگات لە خێزانی خۆت بێ، واز لە ژنی بەڕەڵا بێنە و پارەیان لێ سەرف مەکە. بەڵام تەنیا دوو رۆژ بوو، وای لێدام لاچاوی تەقاندم. براکانم گەیشتنە قەناعەت کە پێکەوە ناگونجین، بۆیە کارمان کەوتە دادگە و کەمالیش دەیگوت یەك دینار چییە، مارەیی و نەفەقە نادەم و ناهێڵم چاویشت بە منداڵ بکەوێت. وتم دادگا یەکلایی دەکاتەوە. جەنابی دادوەر زۆر هەوڵی دا یەکمان بخاتەوە، بە کەمالیشی گوت ئەو ئافرەتە هەموو شتێکی دەکەوێت، چونکە بەڵگە هەبوو، دادوەرەکە دڵنیا بوو لەوەی لەگەڵ ئافرەتانی هەرزە شەو دەکاتەوە و وێنە و گرتەشی لابوو، کە کاتی خۆی لە مۆبایلەکەیم دەرهێنابوو. هێشتا دوابڕیاری دادگا مابوو، بۆ جیابوونەوەمان، بەڵێنیشی دابوو منداڵەکان ببینم، بەتایبەتی ئاراس کە لە باخچەی ساوایان بوو، زۆر منداڵ بوو. کاتی لێم جیا دەبووەوە و دەچووەوە بۆ لای باوکی ئەوەندە دەگریا، خەریك بوو ببوورێتەوە.»

شلێر مۆبایلەکەی خۆی پڕ کردووە لە وێنەی دوو کوڕەکەی، وێنە بە وێنە هەڵیان دەداتەوە و بە هەنیسکی گریانەوە باسی چۆنیەتی رفاندنی منداڵەکان دەکات: «رۆژێ دایکم رۆیشت منداڵەکان بهێنێت، چووە ماڵی خەزوورم، گوتیان دوور رۆژە دیار نین. ئیتر ئەو دوو رۆژە، ئەوە لە دوو ساڵ تێپەڕی. لەو ماوەیەدا خزم و کەس نەما هانایان بۆ نەبەم. ماڵی خەزوورانیشم سوێندیان بە قورئان خوارد و گوتیان ئەوانیش نیگەرانن و هیچ هەواڵێکیان نازانن. بەڵام لەم رۆژانەدا هاوڕێیەکی کەمال پێی گوتبوون، ئەوانی لە یونان بینبیوە و هەر سێکیان سەلامەتن. زۆر دەترسم بە ئاویاندا بدات. ئەو حەزی لە ئەوروپا بوو، بەڵام منداڵەکانی بەکار هێنا. هیچ ویژدانێك ئەوە قبووڵ ناکات، دایکێك لە بینینی منداڵ خۆی بێبەش بکرێت. ئەوە ئەوپەڕی غەدرە و منیش جگە لە فرمێسك هیچ شتێك دادم نادات. تەنیا ئاواتم ئەوەیە بە منداڵەکانم شاد ببمەوە، بەڵێنیش دەدەم هیچم لە کەمال ناوێت، تەنیا منداڵەکانم بۆ بگەڕێنێتەوە».

